

**ئامینە جەبار**
**یاریزانی فوتساڵی یانەی**
**گازی باکوور:**

# تیپەکانی کچان بە پارەیەکی زۆر کەم بەڕێوە دەچن و نابێت بە هۆی قەیرانەوە سڕ بکرێن

**پارێزگای کەرکوک خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە لە یارییە وەرزشییەکان، تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکووریش یەکێکە لەو تیپانەی کە بۆ داهاتوو چاویان لە ئەنجامی گەورەیە و ئەمساڵیش نوێنەری شاری کەرکووکن لە پاڵەوانێتیی فوتساڵی عێراق، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری کەرکووک تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لەم وەرزە بەم کچە یاریزانانە بتوانێ لە خولی فوتساڵی نایابی عێراق کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، ئامینە جەبار یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری کەرکووکە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** لەگەڵ ئەوەی کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە، ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینیی؟**

-ئاستی یاریی فوتساڵ بەتایبەت لە کوردستان زۆر پێشکەوتووە، بەڵام لە ئاستی عێراق بە گشتی لاوازە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم، تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-ئەنجامدانی پاڵەوانێتی چەند زۆر بێت، باشترە، بەڵام ناتوانرێ پاڵەوانێتی زۆر بکرێتەوە، چونکە یانەکان توانای داراییان نییە بۆ بەشداریکردن.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوتساڵ ئاستی بەرز بێتەوە؟**

-بێم باشە خولی تازەپێگەیشتووان و لاوانی کچانیش بکرێتەوە، چونکە ناکرێت پشت بە یەك ئاست ببەستین.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

-کاتی مەشقەکانمان کەمە، خراپیی باری دارایی یانەکان و کەمیی هۆڵ بۆ مەشقەکان، کەمیی کەلوپەلی وەرزشی و کەمیی یاریزانی کچ ئەوانە هەموویان گرفتن لەم یارییە.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەرنامەت چییە؟**

-دەمەوێت بەردەوام بم لە مەشق و راهێنانەکان، بۆ ئەوەی هەمیشە ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەم.

***ئایا لەگەڵ ئەوەی کە یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی دەرەوە ببەستن؟**

-یانەکان ئێستا ناتوانن پشتگیری دارایی بدەنە راهێنەر و یاریزانی ناوخۆ چۆن دەتوانن لە دەرەوە کەسێك بهێنن؟

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- داواکاریم ئەوەیە کە گرنگی بە وەرزشی کچان بدرێت، هیوادارم بەرپرسانی وەرزشی چاوێك بە وەرزشی کچاندا بخشێنەوە و هۆڵێکی داخراویش دابین بکرێ.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی وەرزشیم دروستکردنی هەڵبژاردەی کوردستانە، کە خۆیشم یەکێك بم لەم هەڵبژاردە پیرۆزە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ گرنگیدانی بەردەوامتان بە وەرزش، هیوادارم لە کوردستان گرنگی و بایەخ بە وەرزشی کچان بدرێت، نابێت لە کاتی هەر قەیرانێك تیپەکانی کچان سڕ بکرێن، لەبەر ئەوەی تیپەکانی کچان بە پارەیەکی زۆر کەم بەڕێوە دەچن.



# کچانی چۆمان چاویان لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی وەرزشیی چۆمان لە وەرزی رابردوو توانییان پلەی دووەمی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنن، لە ئێستاشدا کچانی یانەکە لە مەشقێکی چڕ و پڕدان بۆ ئەوەی بتوانن لە وەرزی نوێی خولەکە رکابەری لەسەر ئەنجامی گەورە بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە یانەکە مەشقەکانیان لە قەزای چۆمان ئەنجام نەداوە و هەموو ئامادەکارییەکانیان لە پایتەختی کوردستان ئەنجام دەدەن و گۆڕانکارییان لە پێکهاتەی تیپەکەشدا کردووە، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم ئامادەکارییەکانمان دەستپێکردووە و ئێستا خەریکی دانانی تیپێکی تۆکمەین بۆ ئەوەی بەر لە دەستپێکردنی خول ئامادەکارییەکانمان تەواو بێت»، گوتیشی: «چەند یارییەکی دۆستانەمان کردووە بۆ ئەوەی کەموکوورییەکانی تیپەکە بدۆزینەوە، ئەمساڵیش جیاوازین و گۆڕانکاریمان لە پێکهاتەی یانەکەشماندا کردووە و دوو یاریزانی تازەمان هێناوە، لەگەڵ یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراقیش لە گفتوگۆداین و یاریزانێکی پیشەگەریش دەهێنینە ریزی یانەکەمان، دەمانەوێ ئاستێکی باشتر لە وەرزی رابردوو پێشکەش بکەین»، ئەوەشی خستەڕوو کە لە ئێستادا مەشقەکانیان لە شاری هەولێر ئەنجام دەدەن، سوپاسی یانەی زانکۆی جیهان و کۆلێژی پەروەردەی وەرزش و پەیمانگەی پایتەختی ناحکوومیشی کرد، کە یاریگای بۆیان بۆ دابین کردوون، گوتیشی: ئەوان بەردەوام هاوکاریمان دەکەن بۆ ئەنجامدانی مەشقەکان و دابینکردنی یاریگا، گرفتی یاریگاش بۆ هەموو یانەیەك گرفتێکی گەورەیە.»ئەوەشی دووپات کردەوە: «کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانامان لە بەردەستە و دەتوانین هەوڵبدەین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، لەگەڵ سەرجەم یاریزانەکان گرێبەستمان هەیە و ئەوان بە فەرمی یاریزانی یانەی چۆمانن، لە مۆرکردنی گرێبەستەکانیش هیچ گرفتێك نییە

# ئەگەر گرفتەکانی چارەسەر نەکرێ سۆران ناتوانی بەردەوام بێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سۆران ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان وەکو میوانێکی بەهێز دەرکەوتووە، لە سێ یاریی رابردووی یانەکەش توانیویەتی ئەنجامی شایستە لە خولە گەورەکەی کوردستان بەدەست بهێنێت و سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی راکێشاوە کە بۆ یەکەمجارە یانەکە لە خولی نایابی کوردستان لە ریزی پێشەوەی یانەکان دێت، بەڵام ئەم وەرزەش کێشەی دارایی واز لە یانەکە ناهێنێت، کە مانگانە تەنیا بڕی ١٥ملیۆن دیناریان پێویستە بۆ مووچەی سەرجەم یاریزانانی یانەکە، بۆیە رەنگە ئەگەر کێشەکانیان چارەسەر نەکرێت، لە خولەکە بکشێنەوە، لەم بارەشەوە فەرمان ئیسماعیل بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تا ئێستا وەکو یانەی سۆران نەمانتوانیوە گرێبەست و مووچەی هیچ یاریزانێك بدەین، ئەگەر لە رووی دابینکردنی داهاتەوە بەم شێوەیە بەردەوام بین، زۆر زەحمەتە بتوانین لە گەڕەکانی داهاتوودا لە یاریکردن بەردەوام بین و رەنگە لە خولەکە بکشێینەوە، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی داراییمان نییە بۆ دابینکردنی مووچەی یاریزانان و مەسروفاتی وەکو مانەوەی یاریزانان لە هوتێل و خواردن و پێداویستییەکانی دیکە، بۆیە ئەگەر لە ماوەی داهاتوودا نەتوانین چارەسەری گرفتەکانمان بکەین، کێشەمان بۆ دروست دەبێت و یانەکە هیچ بەرچاو روونییەکی نییە، سوپاسی یاریزانانیش دەکەین کە تا ئێستا لەگەڵمان بەردەوام بوون، بەڵام ئەوانیش ناتوانن بەم شێوەیە بەردەوام بن، چونکە سەرجەم یاریزانەکانمان مووچەیان هەیە و تەنیا یەك یاریزان نەبێت کە گرێبەستی هەیە»، لەبارەی بڕی پارەکەش گوتی: «تەنیا مووچەکان ١٥ملیۆن دینارە و جگە لە پێداویستییەکانی دیکە کە رەنگە ئەوەش بەراورد بە یانەکانی دیکە پارەیەکی زۆر نەبێت بۆ مووچەی یاریزانان، جگە لەوەش سێ یاریزانمان شوێنی مانەوەیان بۆ دابین کراوە، کە لە دەرەوە هاتوون، هیواداریـن لایەنی پەیوەندیدار خەمێکمان لێ بخۆن و چارەسەری گرفتەکانمان بکەن».






# ئامانج ئەکرەم: هەندرێن چاوی لە ئەنجامە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەندرێن سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان گۆڕانکاریی لە ریزی پێکهاتەی یانەکەیدا کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سێ یاریی سەرەتای خولەکە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا، گۆڵکاری یانەکەش ئامانج ئەکرەم ئەم وەرزە هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکردووە، بەڵام بێ ئومێد نییە و دەڵێت: «ئەنجامەمان باشتر دەبێت.» لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ئامانج ئەکرەم گوتی: «ئەمساڵ خولی نایابی کوردستان خولێکی بەهێزە و یانەکانی کوردستانیش یاریزانی باشیان هێناوە و چاویان لە ئەنجامی گەورەیە لە خولەکە، یانەکانیش ئامادەکاریی پێویستیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، ئەمساڵ ئێمە ئاستێکی باشمان هەبووە، هەرچەندە لە سەرەتاوە خراپ بووین، بە خۆشمەوە، بۆیە بەڵێنم داوە ئەم گرێیە بکەمەوە و بگەڕێمەوە سەر رێچکەی گۆڵکردن»، گوتیشی: «هەندرێن تیپێکی بەهێزە و ئەمساڵ زۆر جیاوازترە لە رابردوو و ئامانجمانە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین و لە خانەکانی پێشەوە بین، منیش وەکو هێرشبەری یانەکە دەمەوێ پێگەو شوێن دەستم دیار بێ، دڵنیاشم دەتوانین بگەڕێینەوە ئاستی خۆمان و ئەوەی لە توانامان بێت بۆ خزمەتکردنی یانەکە ئەنجامی دەدەین»، لەبارەی گرێبەستی دیکەش گوتی:»پێش یانەی هەندرێن هەر یەك لە یانەکانی دهۆك و پێشمەرگەی هەولێر و نەورۆز و پێشمەرگەی سلێمانی و چەندین یانەی دیکە هەبوون تا یارییان بۆ بکەم، بەڵام بۆ من یانەی هەندرێن باشترین بوو، چونکە پێشتریش یاریزانی ئەو یانەیە بووم،بۆیە حەزم کرد خزمەتی ئەو یانەیە بکەم.»



# ریال چاوی لە ئەستێرییەکی برۆسیا دۆرتمۆندە

راپۆرتێکی رۆژنامەوانی لە ئیسپانیا، پێشهاتێکی نوێ لە بارەی هەوڵەکانی ریال مەدرید بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ ئەستێرەیەکی یانەی دۆرتموند، ئاشکرادەکات.

بە گوێرەی زانیارییەکانی پرۆگرامی ئیلچرینگیتۆی لە تەلەڤزیۆنی ئیسپانیا، ریال مەدرید لەسەر سیاسەتی گواستنەوەی یاریزانانی لاو بەردەوام دەبێت، ئامانجی داهاتووشی جادۆن سانچۆی یاریزانی لاوی یانەی بروسیا دۆرتموندی ئەڵمانییە.

پێشتریش راپۆرتە هەواڵەکان ئاماژەیان بەوەدابوو، ریال مەدرید چاودێری سانچۆی ئینگلیزی دەکات.

سەرچاوەکە دەڵێت، ریال مەدرید ماوەیەکی زۆرە چاودێریی یاریزانەکە دەکات، کە نرخی گواستنەوەی ئێستای ١٠٠ ملیۆن یۆرۆیە.

هەروەها لە پرۆگرامەکەدا باسی ئەوەکراوە، ئەگەر یانەی دۆرتمۆند ناچاربێت لە بارەی دەستبەرداربوون لە یاریزانەکە گفتوگۆ بکات، ئەوا نرخی یاریزانەکە دەگاتە ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ.

ئیلچرینگیتۆ، کە پرۆگرامێکی سەرنجڕاکێشە و زانیاری نەبیستراوی تێدا بڵاودەبێتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە، پەیوەندییەکی تایبەت و باش لە نێوان ریال مەدرید و دۆرتموند داهەیە و ئەگەری هەیە ئەم پەیوەندییە، یارمەتیدەربێت بۆ ئەوەی سانچۆ بچێتە ریال مەدرید، بە تایبەتی رالد مەدریدیش رێگەی داوە ئەشرەف حەکیمیی یاریزانی یانەکەی دوو وەرز بە خواستن بۆ دۆرتموند یاریی بکات.

یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لە لای خۆیەوە بەهێزترین رکابەری ریال مەدریدە بۆ بەدەستهێنانی جادۆ سانچۆی یاریزانی دۆرتموند.



# ئەنریکی نزیکە لە خوولی ئینگلیزی

بە گوێرەی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا و ئیسپانیا، یانەی ئەرسناڵ بۆ شوێنگرەوەی ئۆنای ئێمری ئۆفەرێکیان پێشکەشی لویز ئەنریکی ڕاهێنەری پێشووی بەرشلۆنە کردووە.

ماڵپەری دەیلی مەیلی بەریتانیا، لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە، کە بەرپرسانی یانەی ئەرسناڵ (ڕائول سانلیهی) بەڕێوەبەری تۆپی پێی یانەکەیان ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی گفتووگۆ لەگەڵ لویز ئەنریکی بکات.

بە گوێرەی سەرچاوەکە، ئەرسناڵ دوای شکستەکەی ئەم هەفتەیەیان بە تەواوەتی لە ئۆنای ئێمری ڕاهێنەر بێهیوابوونە، بەوپێیەی ئێستا یانەکە لە ٤ پلەکەی سەرەوەی ڕیزبەندی دوورکەوتۆتەوە و ئەگەری هەیە بۆ ساڵی داهاتووش نەتوانن بەشداریی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بکەن.

دەیلی مەیل ئەوەشی نووسیوە هەفتەی ڕابردوو ڕاستەوخۆ کارگێڕی ئەرسناڵ ئۆفەرەکەیان پێشکەشی لویز ئەنریکی کردووە.

لە لایەکی دیکەیشەوە، تۆڕی هەواڵی ESPN ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردۆتەوە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لویز ئەنریکی حەز ناکات شوێنی ئۆنای ئێمری لە ئەرسناڵ بگرێتەوە.

لویز ئەنریکی بەهۆی مردنی کچەکەی لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا لە ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئیسپانیا دوورکەوتۆتەوە، پێشتر ڕاهێنەری یانەکانی ڕۆما و بەرشلۆنە بووە، نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لەگەڵ یانە کەتەلۆنیاییەکە بەدەستهێناوە.



# ئیتۆ پێشبینی پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکات



ساموێل ئیتۆ، یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە ئیسپانی، هێشتا خەون بەوە دەبینێت لەگەڵ یانەی کەتەلۆنی نازناوەکان بباتەوە، بەتایبەتیش خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

ساموێل ئیتۆی کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی کامیرۆن، کە یەکێکە لە باشترین هێرشبەرانی مێژووی بەرشلۆنە، هێشتا دڵی لای یانە کۆنەکەیەتی و حەزدەکات جارێکی دیکە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ بەرشلۆنە بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەمجارە وەك ڕاهێنەر.

ئیتۆ لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان، دانی بەوەدا نا کە هێشتا خەون بە بەرشلۆنە دەبینێت، بەڵام ئەمجارە وەك ڕاهێنەر و گوتی:ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبمە ڕاهێنەری بەرشلۆنە و بە شێوازی پێپ گواردیۆلا یاری دەکەم.

ئیتۆ، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە مایۆرکاوە پەیوەندی بە ریزەکانی بەرشلۆنەوە کرد، لەگەڵ ڕۆناڵدینیۆ و جۆلیی فەرەنسی سێیانەیەکی ترسێنەریان پێکهێنا و لە ٢٠٠٦ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بردەوە و ئیتۆ گۆڵێکی لە یاری کۆتاییدا لە ئەرسناڵ کرد، دواتریش لە ٢٠٠٩ جارێکی دیکە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی بردەوەو لە یاری کۆتاییدا گۆڵێکی لە مانچستەر یونایتد تۆمارکرد.

ساموێل ئیتۆ، لە درێژەی قسەکانیدا، گوتی: دەمەوێ ببمە یەکەم ڕاهێنەری ڕەشپێست لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ بەرشلۆنە ببەمەوە.